www.kurdistannet.org

# داوای یارمەتی لە سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

*بەڕێز جەنابی کوفی عەنان!*

*سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان!*

*لەگەڵ رێزو سڵاوی زۆر دا،*

٧ ساڵ لەمەوبەر لە ٢٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩٦دا، ٦ تێکۆشەری کوردی ئێرانیی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە وەك پەنابەر لە کوردستانی عێراق دەژیان، لە نزیك شاری هەڵەبجە لە ئوستانی سلێمانی بە هۆی چەند کەس لە چەکدارانی رێکخراوی "بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان" گیرانو بە دەست بەستراوی تەحویلی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران درانەوە.

لەو کاتەوە تا ئێستا، حیزبی ئێمە لەگەڵ زۆر لە کەسایەتیو ناوەندە نێونەتەوەییەکان پێوەندیی گرتوەو، وێڕای ئاگادار کردنەوەیان لەو رووداوە کە کردەوەیەکی ئینسانفرۆشانەو تیرۆریستیی ئاشکرایە، تکاو داوای لێ کردوون نفوزو توانای خۆیان بۆ نەجاتی گیانی ئەو ٦ کەسە لە مەترسیی ئێعدام بە کار بێنن. بەڵام سەرەڕای ئەو جۆرە هەوڵانە، کۆماری ئیسلامیی ئێران نەك هەر ملی بۆ ئازادکردنی ئەوان رانەکێشاوە، بەڵکوو تەنانەت لە دانو بڵاوکردنەوەی هەر چەشنە زانیارییەکیش لە بارەی ئەو پۆلە لە تێکۆشەرانو ئازادیخوازانی گەلی کورد، خۆی بواردوە. ٧ ساڵ لە گیرانو تەحویلدرانەوەی ئەو ئازادیخوازانە بە رێژیمی خوێنرێژی کۆماری ئیسلامی رادەبرێ، بەڵام تا ئێستا بنەماڵەو کەسو کاریان نازانن ئازیزەکانیان زیندوون یا ئێعدام کراون. ئەگەر زیندوون لە کام زیندان دانو لە چ هەلومەرجێکدا دەژینو بۆچی هەتا ئێستا رێگە نەدراوە هیچ کەسێك بیان بینێ؟ و ئەگەر گیانیان لێئەستێندراوە، چۆنو لە کوێ موحاکەمەو بە مەرگ مەحکووم کراونو لە کوێ بە خاك سپێردراون؟

لە حەوتەمین ساڵی تەحویلدانەوەیو بێسەروشوێن کرانی ئەو تێکۆشەرانەدا، تکای خۆمانو هاواری دایكو بابو ژنو منداڵو کەسوکارە چاوەڕوانەکانیان دێنینە لای شەخسی جەنابت. داوا دەکەین لە بەرامبەر چارەنووسی کۆمەڵێك مرۆڤی ئازادیخوازو داواکاری دێموکراسیدا، نفووزو توانای خۆتانو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ روونکردنەوەی چارەنووسی ئەو ٦ ئەندامەی حیزبی دێموکرات بە کار بێننو لە کۆماری ئیسلامیی ئێران داوا بکەن راستییەکان لە بارەی چارەنووسی ئەو گیراوانەوە ئاشکرا بکاو لەو پێوەندییەدا وەڵامدەر بێ.

جەنابی کوفی عەنان!

دوا هومێدی ئێمەو بنەماڵەو کەسوکاری ئەو رۆڵە ئازادیخوازانەی گەلی کورد، بۆ روونکردنەوەی چارەنووسیان،،شەخسی جەنابتو رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە. ناوی ئەو ٦ کەسە بەم جۆرەیە:

١ـ ئەرشەد رەزایی کوڕی سادق لە دایکبووی ١٩٦٢، خەڵکی "شۆشمێ"ی سەر بە شارستانی پاوە لە ئوستانی کرماشان، خاوەنی هاوسەرو دوو کیژۆڵەی ١٧ ساڵەو ٧ ساڵەو کوڕێکی ١٥ ساڵە.

٢ـ محەممەد عەزیز قادری، کوڕی کەریم، لە دایکبووی ١٩٥٩، خەڵکی گوندی "نەروی"ی سەر بە شارستانی پاوە، خاوەنی هاوسەرو دوو کیژۆڵەی ١٧و ١١ ساڵە.

٣ـ یوونس محەممەدپوور، کوڕی محەممەد عەلی، لە دایکبووی ١٩٧٠، خەڵکی شاری پاوە

٤ـ موزەففەر کازمی کوڕی مەولوود، لە دایکبووی ١٩٧٥، خەڵکی شاری پاوە

٥ـ مارف سۆهرابی کوڕی سەعید، لەدایکبووی ١٩٧٦، خەڵکی شاری پاوە

٦ـ عەدنان ئیسماعیلی کوڕی سابیر، لەدایکبووی ١٩٧٥، خەڵکی گوندی دەرە هەجیج سەر بە شارستانی پاوە.

چاوەڕوانی هەنگاوی جەنابت لەو پێوەندییەداین

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**١٥ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٣**